# پێشمەرگەیەك بە چاوێكی پڕلە هیوا و دایكی بە بارانی فرمێسك داوا لە سەرۆكی حكومەت دەكەن ئاوڕێكیان لێبداتەوە



**دایكی محەمەد:**

**كوڕەكەم لەبەر كورد تووشی تەقینەوەی خۆكوژێك بوو، لاقیشی سەقەت بوو، هیچیشی بۆ نەكرا**

**باوكی محەمەد :**

**پارەم نەبوو بیدەم بە كرێ سەیارە بچم لە خەستەخانە كوڕەكەم بێنمەوە بۆ هەولێر**

**محەمەد:**

**حكومەت هیچی بۆ من نەكردووە ، لەبەر ئەوەی كەسم نییە و كەس ناناسم هێچم بۆ نەكراوە**

## ئا: سالار بابەشێخ

بەچاوێكی پڕلە فرمێسك و سیمایەكی خەمبار و لابالێكی سووتاو، ناوی خۆی ئاشكرا دەكات، "ناوم فاتیمە یە"، ئەولە ناو ئاپۆڕەی فرمێسكەكانیدا بە زاراوەیەكی فەیلی دەڵێت "زامی كوڕەكەم چرای ماڵەكەمی كوژاندیسەو". فاتیمە خێزانی "محەمەد ساحب"ە و دایكی (10) منداڵە، وەك باسیكرد ساڵیانێك لە ئێران لەگەڵ هاوسەرەكەی ژیانی ئاوارەیی بەسەربردووە، لەگەڵ ئەوەی كە زۆرینەی خەڵكی ئێران بوونی لە دوو منداڵ زیاتر، بە گرفت دەزانن، بەڵام ئەو وەك دایكی نموونە لە لایەن ناوەندێكی كۆمەڵایەتی و تەندروستیی ئێرانەوە پاداش كراوە.

"محەمەد" یەكەم منداڵی فاتیمەیە كە دایكی بەپشت وپەنای خۆی دەزانێت و دەڵێت "تەنیا پشتیوان و خەمخۆرمان كوڕەكەمە محەمەد، كە لە تەقینەوەی شاری كەركوك زامدار و سەقەت بوو".

وەك دایكی محەمەد باسیكرد كوڕەكەی بەر پریشكی ئاگرو ئاسنی خۆكوژێك كەوتووە و بە سەختی بریندار بووە و دوای چەندین مانگ چاوەڕوانی هێشتا نەیتوانیوە پلاتینی قاچی كوڕەكەی دابین بكات و بە نەشتەرگەرییەك لە سەقەت بوون رزگاری بكات. ئەو دەڵێت "كوڕەكەم لەبەر كورد تووشی تەقینەوە بوو، لاقیشی سەقەت بوو، هیچیشی بۆ نەكرا". لەوە زیاتر پرمەی گریان مەجالی نادات قسە بكات و بە گەروویەكی لەرزۆكەوە تەنها دەڵێت "حكومەتی خۆمان هیچی بۆمان نەكرد، زۆر سەردانمان كرد هەر وتیان موشكیلەی ئێمە نییە سەردانی كەركوك بكەن، ئێمەش ترساین سەردانی كەركوك بكەین".

ساحب باوكی محەمەدە و هەناسەیەكی قووڵ هەڵدەكێشێ و دەڵێت "زۆر عەیبە من بچم لە ئێران داوای یارمەتی بكەم، دایكی محەمەدی برد بۆ ئێران داوای 2 ملیۆن و نیویان كرد منیش لە بان دەستم نەبوو عیلاجی بكەم"، وەك باسیكرد هەر دوو سێ مانگ جارێك دەبێ كوڕەكەی نەشتەرگەرییەك بكات و ئەو پارچە ساچمە و ئاسنانەی لە ناو لەشیدا بەجێماوە دەریان بێنێ. ساحب گوتی "پارەم نەبوو بیدەم بە كرێ سەیارە بچم لە خەستەخانە كوڕەكەم بێنمەوە بۆ هەولێر، مرووەكان وا لەگەڵ محەمەد بریندار بوون پارەیان پێدرا، دوای هەفتەیەك لە بریندار بوونیان بەڵام بۆ كوڕەكەی من یەك دیناریشیان پێنەداوە، كە پێشمەرگە بووە و ئێستاش بەو سەقەتییەش هەر دەچێت دەوامی خۆی دەكات".

محەمەد لە دایکبووی ساڵی (1983) یە و کوڕی گەورەیماڵە، باوکی وێرای تەمەنی زۆر جاربەجار کارێکی دەست دەکەوێت و بۆیاخی ماڵان دەکات، بنەماڵەکەیان 12 سەر خێزانن و دانیشتووی بنەسلاوەی سەر بە پارێزگەی هەولێرن.

محەمەد لەبارەی چۆنیەتی برینداربوون و داواکارییەکانی گوتی " 2003 بوو، پێشمەرگە بووین لە وەزارەتی پێشمەرگەی خۆمان، لە سەر بڕیاری وەزارەتی پێشمەرگە 40 پێشمەرگەی پارتی و 40 یەکێتی چووین بۆ جەیشی عێراقی، بە کۆستەر بردمانیان بۆ بەعقووبە، لە مەعەسکەر "کەرکووش"، (4 –5) مانگ تەدریبمان کرد، مەعاشیان بۆمان بڕی، سێ مانگ 225 هەزار لە کەرکوك لە بانك وەرمان دەگرت، 14یان 2005/5/16 بوو، چووین لە فەرعی 4 لە مەسرەف رافدین راتب وەر بگرین، نزیك شارع ئەتڵەس، لە سەرە وەستابووین، کابرایەك هاتە ناومان خۆی تەقاندەوە سەیارەیەکیش تەقییەوە، ئێتر من چاوم کردەوە لە خەستەخانە بووم، یەك ساڵ و نیو لە سەر جێگا کەوتم، مەعاشیشم نەبوو، حکومەت هیچی بۆ من نەکردووە ، لەبەر ئەوەی کەسم نییە و کەس ناناسم هێچم بۆ نەکراوە".

ئەمە چیرۆکی تاڵی بنەماڵەیەکی فرەخێزانە کە هەموو هیواکانیان بەوە گرێداوە کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە لاپەڕەی رۆژنامەیەکدا بیخوێنێتەوە و ئاوڕێکیان لێ بداتەوە، چونکە محەمەد دەڵێت "نامەت بە هیچ شوێنێك ناگات، سکرتێرەکان نامەکان و داواکارییەکان دەدڕێنن، ناهێڵن بەرپرسان چاویان پێ بکەوێ، چونکە ئەو مەسئوولانە هەموویان گەندەڵ نین، لە ناو ئەوانەدا بەرپرسی وا هەیە لە باوك دڵسۆزترە، بۆیە من تەنها بە دوای ئەوە دەگەڕێم نامەکەم بەر چاوی رێزدار کاك نێچیرڤان سەرۆکی حکومەتی کوردستان بکەوێت".